سەندیکای
ڕۆژنامەنووسانی کوردستان

لیژنەی داکۆکی لە ئازادی
ڕۆژنامەنووسی و مافی
ڕۆژنامەنووسان لە کوردستان

23
24

کوا؟!
یاسای ڕۆژنامەگەری
لە کوردستان ژمارە (35)



# ڕاپۆرتی پێشێلکاری

لە 2019/01/01
تا 2019/12/31

# Violation Reports




JOURNALISM

# 23 24

The Committee for the solidarity with the Freedom of the press regarding the situation of journalism in Kurdistan

From 01/01/2019
Till 31/12/2019

لە بڵاوکراوەکانی
سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان




هەولێر- ڕاگەیاندنی ڕاپۆرتی 23ی لیژنەی داکۆکی سەبارەت بە ڕەوشی ڕۆژنامەگەری




سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان بەشداری دەکات لە  ڕێپێوانێك بۆ ئازادی لە ڕۆژنامەنووسی و
بەرزڕاگرتنی یادی ئەو ڕۆژنامەنووسانەی لە پێناو ئازادی ڕۆژنامەگەریدا گیانیان بەخشی - تونس - 2019




سیمیناری  سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان لەژێر دروشمی
(نا بۆ دەربازبوون لەتاوانەکانی دژ بەرۆژنامەنووسان )



بەشداری شاندێکی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان
لە کۆنگرەی سیهەمینی فیدراسیۆنی نێودەوڵەتی ڕۆژنامەنووسان تونس -2019

# ڕاپۆرتی پێشێلکاری
# ژمارە 23 و 24

## سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان

## ڕاپۆرتی پێشێلکاری لیژنەی داکۆکی لە ئازادی ڕۆژنامەنووسی و مافی ڕۆژنامەنووسان لە کوردستان

## (2019/1/1 – 2019/12/31)



**کۆبوونەوەی لیژنەی داکۆکی**

# پێڕست


پێشەکی ........................................ 3
ئاماری پێشێلکارییەکانی ساڵی 2019 ........................................ 5
ئاماری جۆرەکانی پێشێلکاری ساڵی 2019 ........................................ 5
گرافیکی گشتی کوردی ڕاپۆرتی پێشێلکاری ساڵی 2019 ........................................ 6
ڕاپۆرتی پێشێلکاری ژمارە 23 ........................................ 7
ڕاپۆرتی پێشێلکاری ژمارە 24 ........................................ 19
پاشکۆی ڕۆژنامەنووسە شەهیدەکانی ڕۆژئاوا ........................................ 38

مقدمة ........................................ 41
احصائیات الانتهاکات لسنة 2019 ........................................ 43
احصائیات الانواع الانتهاکات لسنة 2019 ........................................ 43
تخطیطي عام عربي احصائیات الانتهاکات لسنة 2019 ........................................ 44
تقریر الانتهاکات عدد 23 ........................................ 45
تقریر الانتهاکات عدد 24 ........................................ 55
ملحق خاص بالصحفیین غرب کوردستان ........................................ 68

Preface........................................3
The Statistics of violations of 2019........................................4
The statistics types of violations 2019........................................4
The General Graphic of statistics types violations 2019 ........................................5
Violation Report No.23 ........................................7
Violation Report No. 24........................................17
Appendix regarding the Journalists from Rojava ........................................32



هاوکاران:
پەرژین ئەحمەد
ئارام حسێن

گرافیک: ئارام مەحمود
دیزاین: ئومێد محەمەد

## بەردەوامی پێشێلکارییەکان و بەردەوامی داکۆکیکردن
## لە مافەکانی ڕۆژنامەنووسان

ڕاپۆرتی ژمارە (23-24)ی ساڵی (2019)ی لیژنەی داکۆکیکردن لە ئازادی ڕۆژنامەنووسی و مافی ڕۆژنامەنووسانی کوردستان، سەر بە ئەنجومەنی سەندیکای ڕۆژنامەنووسان ڕاپۆرتی خۆی بڵاو دەکاتەوە.

کاتێک پێشێلکارییەکان بەردەوامە، لە ڕووی جۆر و ژمارە و جێگای نیگەرانی زۆریشە کە لە ناوچە کوردستانیەکانی دەرەوەی هەرێم (کەرکوک، خانەقین، خورماتو..هتد) ڕێژەکە زۆر هەڵکشاوە و جیا لە نیگەرانی زۆرمان بەرامبەر ڕێژەی ئەو پێشێلکارییانەی کە لە ڕۆژئاوای کوردستان دەکرێت.

چەندین جار ئەوەمان وتوە، کە ژینگەی کاری میدیایی گونجاو نییە، چونکە بکەرانی ئەو پێشێلکارییانە سزا نەدراون، یاساکانی پەیوەست بە مافەکانی ڕۆژنامەنووسان وەک پێویست جێبەجێ نەکراون، پێنەدانی زانیاری دروست گرفتی گەورەیە لەبەردەم کاری ڕۆژنامەنووسیدا. بوونی ململانێی هێزە سیاسییەکان کە کاریگەری زۆری هەیە لەسەر ژینگەی میدیایی و دەبێتە هۆی توندبوونەوەی ململانێ میدیاییەکان و بەریەککەوتنی هێزە سیاسییەکان و میدیاکاران، هەندێک جار دەگاتە ئاستی هەڕەشە و مەترسی لەسەر ژیان و سەلامەتی ڕۆژنامەنووسان و کەناڵەکانی ڕاگەیاندن بە سوتان یان داخستن.

لە ناوچە کوردستانیەکانی دەرەوەی هەرێم، ڕۆژنامەنووسی کورد جیا لەوەی وەک ڕۆژنامەنووس ڕێگریان لێ دەکرێت، وەکو هاوڵاتی کوردیش سوکایەتیان پێ دەکرێت لە لایەن هێزە عێراقییەکان و هێزەکانی حەشدی شەعبی و بگرە مەترسی جدیش لەسەر ژیانیان دروست بووە.

هەروەک لە ناوخۆی هەرێمی کوردستاندا، سەرەڕای بەردەوامی پێشێلکارییەکان و بەرز و نزمی مەترسی و دووبارە بونەوەی داتا و ئامارەکان و زۆرێک لە حاڵەتەکان، کە جێگای نیگەرانی ئێمەیە، بۆیە لە خوولی نوێی پەرلەمانی کوردستان و کابینەی نوێی حکومەتی هەرێمی کوردستان، ئەرکی هەردوو دەسەڵاتەکەیە تا بە فەرمی کاری ڕۆژنامەنووسی وەک پیشە بناسێنن، هەروەها یاساکانی پەیوەست بەم بوارە چالاک و هەموار بکەنەوە و جەخت لەسەر جێبەجێکردنی یاساکانی ژمارە (35) ی تایبەت بە کاری ڕۆژنامەنووسی و یاسای مافی بەدەست هێنانی زانیاری ژمارە (11)ی ساڵی 2013 جێبەجێ بکرێت و هەوڵ بۆ دۆزینەوەی ئەڵتەرناتیڤی گونجاو بدەن لە پێناو ڕێگری کردن لە پێشێلکارییەکان و سزادانی سەرپێچی کارانی پێشێلکارییەکان، چونکە ڕۆژنامەنووسانی کوردستان خۆیان بە بەشێک لە ئەزموونی هەڵکەوتووی هەرێمی کوردستان دەزانن، بەڵام پێویستە بە مەرج و خواستی ئەوان مامەڵە لەگەڵ کاری ڕۆژنامەنووسی و زانیاری و هەواڵدا بکرێت، چونکە کاری میدیایی و ڕاگەیاندن و ئازادی ڕۆژنامەنووسی سەرەڕای ئەوەی دەستکەوتێکی گەورەیە، لە هەمانکاتیشدا یەکێکە لە پایە سەرەکییەکانی بونیاتانی دیموکراسی لە هەرێمی کوردستان، کە دەبێت گەشەی پێبدرێت و پیشتوانی ماددی و مەعنەوی لێ بکرێت، خاڵی سەرەکیش ئەوەیە کە پێشێلکارییەکان ڕابگیرێت و کاری ڕۆژنامەنووسی وەک پیشەیەک ڕێزی لێبگیرێت.

سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان و لیژنەی داکۆکیکردنی سەر بە ئەنجومەنی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان دوانـزە سـاڵ لەمەوبەر یەکەم ڕاپۆرتـی پێشێلکاری بەرامبەر بە ڕۆژنامەنووسانی بڵاوکردەوە و وەکو تاکە لایەنێکی پیشەیی و نوێنەری ڕۆژنامەنووسان و داکۆکیکار لە مافەکانیان کاری کردووە، تاکو ئێستاش (24) ڕاپۆرتی شەش مانگەی لە کات و ساتی خۆیدا بڵاوکردۆتەوە، بەبێ گوێدانە ئینتیمای سیاسی، حیزبی، ئایدیۆلۆژی، ڕەنگ، زمان، هەموو جیاوازییە ئیتنی و مەزهەبی و سیاسییەکانی تری تێپەڕاندوە و تەنها و تەنها لەسەر بنەمای چەمکی (پیشەیی بوو) و (ڕۆژنامەنووسی بوون) مامەڵەی لەگەڵ کەناڵەکان و ڕۆژنامەنووسان و کێشە و کەیسەکانیاندا کردووە و لە لایەن فیدراسیۆنی ڕۆژنامەنووسانی نێودەوڵەتی (IFJ) و ڕێکخراوەکانی تری ناوخۆیی و نێودەوڵەتی تایبەت بەم بوارە کاری زۆر باشی پیشەیی و بێلایەنانەی ئەنجامداوە و پیشتوانی لێدەکرێت و وەک تاکە لایەنی فەرمی و نوێنەری ڕۆژنامەنووسان کار دەکات.

بێگومان لە داهاتوشدا لەسەر ئەم هەڵوێستەی بەردەوام دەبێت و داکۆکی لە تەواوی مافەکانی ڕۆژنامەنووسان دەکات و جەختیش لەوە دەکاتەوە کە هەمیشە لە پشت ڕۆژنامەنووسان و مافەکانیان دەبێت.

کۆمەڵێک گلەیی و نیگەرانیشی لە دامودەزگاکان و لایەنە پەیوەندیدارەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان هەیە و پێداگری دەکات لەسەر کۆتایی هێنان بە پێشێلکارییەکان و وەرگرتنی هەڵوێست لە بەرامبەر دەیان کەیسی ڕابردووی ڕۆژنامەنووسان و گەڕاندنەوەی مافەکانیان و کۆتایی هێنان بەو بارودۆخە ناهەموار و ژنیگە ناتەندروستەی ڕۆژنامەنووسان تیایدا دەژین.

**لیژنەی داکۆکی لە ئازادی ڕۆژنامەنووسی و مافی ڕۆژنامەنووسانی کوردستان**

**لە ئەنجومەنی سەندیکای ڕۆژنامەنووسان ساڵی**

2020

## ئاماری پێشێلکارییەکانی ساڵی 2019

| راپۆرت | ژمارەی حاڵەت | ژمارەی ئەو دەزگا و ڕۆژنامەنووسانەی پێشێلکارییان بەرامبەر کراوە | پێشێلکاری بەرامبەر ڕۆژنامەنووسان بەپێی ڕەگەز | | ژمارەی ئەو دەزگا و ڕۆژنامەنووسانەی پێشێلکارییان بەرامبەر کراوە |
|---|---|---|---|---|---|
| | | | نێر | مێ | |
| ڕاپۆرتی یەکەم | 28 | 66 | 63 | 2 | (6)سلێمانی-(6)هەولێر-(6)دهۆک-(3)خانەقین-(4)کەرکوک-(1)هەڵەبجە (1)موسڵ- (1)بەغداد |
| ڕاپۆرتی دووەم | 38 | 85 | 81 | 3 | (11)سلێمانی-(11)هەولێر- (2)دهۆک-(13)کەرکوک |
| کۆی گشتی | 66 | 151 | 144 | 5 | (17)سلێمانی-(17)هەولێر- (17)کەرکوک- (8)دهۆک - (3)خانەقین-(1)هەڵەبجە (1)موسڵ-(1)بەغداد |

## ئاماری جۆرەکانی پێشێلکاری ساڵی 2019

| ژ | جۆری پێشیلکاری | حاڵەت | ژمارەی ئەو دەزگا و ڕۆژنامەنووسانەی پێشێلکارییان بەرامبەر کراوە |
|---|---|---|---|
| 1 | دەستگیرکردن | 19 | 37 |
| 2 | ڕێگەنەدان بە ڕووماڵ | 24 | 62 |
| 3 | هێرش و سوکایەتی | 10 | 22 |
| 4 | لێدان | 2 | 3 |
| 5 | داخستنی نوسینگە | 2 | 2 |
| 6 | دەستبەسەرکردن (توقیف) | 4 | 14 |
| 7 | هەڕەشە | 4 | 7 |
| **8** | داوای پڕکردنەوەی فۆرمی زانیاری کەسی و ئەمنی | **1** | **4** |
| | کۆی گشتی | **66** | **151** |

## ڕاپۆرتی 23 و 24

(2019/1/1 – 2019/12/31)

ڕێژەی پێشێلکارییەکان بەپێی پارێزگا







ڕێژەی پێشێلکارییەکان بەپێی ڕەگەز



# ڕاپۆرتی پێشێلکاری

## ژماره 23

## (2019/1/1 ـ 2019/6/30)

### بەشی یەکەم:

جۆرەکانی پێشێلکاری ڕاپۆرتی 23

دەستگیرکردن (10) حاڵەت

ڕێگەنەدان بە ڕووماڵ (9) حاڵەت

هێرش و سوکایەتی (5) حاڵەت

لێدان (1) حاڵەت

داخستنی کەناڵ (1) حاڵەت

داوای پڕکردنەوەی فۆرمی زانیاری کەسی و ئەمنی (1) حاڵەت

هەڕەشە (1) حاڵەت

## خشتەی یەکەم: ئاماری پێشێلکاری ڕاپۆرتی 23

| کۆی ژمارەی ئەو دەزگا و ڕۆژنامەنووسانەی پێشێلکارییان بەرامبەر کراوە | حاڵەت |
|---|---|
| 66 | 28 |

## خشتەی دووەم: جۆرەکانی پێشێلکاری ڕاپۆرتی 23

| ژمارەی ئەو دەزگا و ڕۆژنامەنووسانەی پێشێلکارییان بەرامبەر کراوە | حاڵەت | جۆری پێشیلکاری | ژ |
|---|---|---|---|
| 25 | 10 | دەستگیرکردن | 1 |
| 20 | 9 | ڕێگەنەدان بە ڕووماڵ | 2 |
| 13 | 5 | هێرش و سوکایەتی | 3 |
| 2 | 1 | لێدان | 4 |
| 1 | 1 | داخستنی نوسینگە | 5 |
| 4 | 1 | داوای پڕکردنەوەی فۆرمی زانیاری کەسی و ئەمنی | 6 |
| 1 | 1 | هەڕەشە | 7 |
| 66 | 28 | کۆی گشتی | |

## خشتەی سێیەم: ئاماری پێشێلکاری بە پێی پارێزگا

| بەغداد | موسڵ | هەڵەبجە | کەرکوک | خانەقین | دهۆک | هەولێر | سلێمانی | ناوی پارێزگا |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| 1 | 1 | 1 | 4 | 3 | 6 | 6 | 6 | ژمارەی پێشێلکاری |

## خشتەی چوارەم: ئاماری پێشێلکارییەکان بە پێی ڕەگەز

| مێ | نێر | پێشێلکاری بەپێی ڕەگەز |
|---|---|---|
| 2 | 63 | ژمارەی پێشێلکاری |

## بەشی دووەم: خشتەی پێشێلکارییەکان

### دەستگیرکردن (10) حاڵەت

| ژمارە | ناوی ڕۆژنامەنووس | ڕەگەز | پیشەی ڕۆژنامەنووسی | دەزگای ڕاگەیاندن | بەرواری پێشێلکاری | شوێنی پێشێلکاری | جۆری پێشێلکاری |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| 1- | - تائیف گۆران<br>- بێوار حلمی<br>- نیهاد تورەماری<br>- بەیار نیرۆیی<br>- عومەر فازل<br>- عادل سەبری | نێر<br>نێر<br>نێر<br>نێر<br>نێر<br>نێر | پەیامنێر<br>پەیامنێر<br>پەیامنێر<br>پەیامنێر<br>وێنەگر<br>وێنەگر | NRT | 2019/1/26 | شیلادزێ- دهۆک | لەکاتی خۆپیشاندانەکەی شیلادزێ لەلایەن هێزێکی ئەمنییەوە ڕێگریان لە ڕووماڵ لێ دەکرێت، دەستگیردەکرێن و دەستبەسەر کەلوپەلەکەیاندا دەگیرێت و دواتر ئازاد دەکرێن. |
| 2- | - شیروان ئەمین<br>- سەفەر حسێن<br>- ئەیار کەریم<br>-مستەفا بامەرنی | نێر<br>نێر<br>نێر<br>نێر | ڕۆژنامەنووس<br>ڕۆژنامەنووس<br>ڕۆژنامەنووس<br>ڕۆژنامەنووس | | 2019/1/28 | دهۆک | بە هۆی ڕووماڵی گردبونەوەی نارەزایی خۆپیشاندانان لەلایەن هێزێکی ئەمنییەوە دەستگیر دەکرێن و دواتر ئازاد دەکرێن. |
| 3- | وریا حەمەکەریم | نێر | پێشکەشکار | NRT | 2019/2/2 | سلێمانی | لەکاتی ڕووماڵی گۆڕی ونبویەکی هەڵدراوە لە ناحیەی تەکیە لەلایەن پۆلیس و بەڕێوەبەری ناحیەکەوە هێرش کراوەتە سەریان، تاماوەیەک دەستبەسەر کراون و دەستبەسەر کەلوپەلەکەیاندا گیراوەو دواتر ئازاد دەکرێن. |
| 4- | - عەبدولڕەحمان ئەبوبەکر<br>- سەرکەوت کەریم<br>- ڕووداو ئەحمەد | نێر<br>نێر<br>نێر | پێشکەشکاری بەرنامە<br>وێنەگر<br>وێنەگر | KNN | 2019/2/3 | خانەقین | لەلایەن حەشدی شەعبییەوە ڕێگری لە تۆمارکردنی بەرنامەی دێ بە دێ دەکرێت و دەستگیر دەکرێن و دواتر ئازاد دەکرێن. |

| | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| 5- | - ئیحسان سابر<br>- بریار ئەحمەد | نێر<br>نێر | پەیامنێر<br>پەیامنێر | NRT | 2019/2/12 | سلێمانی | لەکاتی ڕوومالّی بڵاوبونەوەی غاز لە نەخۆشخانەی منداڵبوون لە سلێمانی لەلایەن ئاسایشی سلێمانیەوە دەستگیر دەکرێن دواتر ئازاد دەکرێن. |
| 6- | کارزان تاریق | نێر | پەیامنێر | NRT | 2019/2/17 | سلێمانی | لەکاتی ڕووماڵکردنی ساڵیادی 17ی شوبات لەلایەن هێزە ئەمنییەکانەوە ڕێگری لێ دەکرێت و دەستبەسەر کەلوپەلەکەی دەگیرێت و دەستبەسەردەکرێت و دواتر ئازاد دەکرێن. |
| 7- | - نەزیر شەنگالی<br>سامی ئیسماعیل- | نێر<br>نێر | پەیامنێر<br>پەیامنێر | NRT | 2019/3/9 | دهۆک تەلعەفەر | لەکاتی ڕۆیشتن بۆ ناوچەی تەلعەفەر بە مەبەستی ڕووماڵ کردن لەلایەن هێزێکی ئەمنییەوە دەستگیر دەکرێن و دواتر ئازاد دەکرێن. |
| 8- | - ئاسۆ ئەحمەد<br>- هاوتا بەهرۆز<br>- کاروان ساڵحی | نێر<br>نێر<br>نێر | پەیامنێر<br>وێنەگر<br>پەیامنێر | NRT<br>وەکالەتی کەرکوک | 2019/5/14 | کەرکوک | لەکاتی ڕووداوەکەی پەلگانەی سەر بە قەزای سەرگەران ڕێگریان لێدەکرێت و لەلایەن هێزێکی سوپای عێراقییەوە دەستگیر دەکرێن و دواتر ئازاد دەکرێن. |
| 9- | - نزیر جرجور الیاس<br>- محسین حەجی | نێر<br>نێر | پەیامنێر<br>وێنەگر | NRT | 2019/6/3 | موسڵ | لەکاتی چوونی تیمێکی ئێن ئار تی بۆ کارێکی ڕۆژنامەوانی لەلایەن سوپای عێراقییەوە ڕێگریان لێکراوە و بۆ ماوەیەک دەستبەسەر کراون، کەلوپەلە ڕۆژنامەوانییەکەیان دەستی بەسەردا گیراوەو دواتر ئازاد دەکرێن. |

| | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| 10- | هورمز موشی عۆدیشۆ | نێر | پەیامنێر | | 2019/6/18 | دهۆک | دوای ئەوەی مانگی رابردوو راپۆرتێک ئامادە دەکات لە سەر شوێنەوارێکی ئاشوری و لە فەیسبوکی خۆی بڵاوی دەکاتەوە داوا دەکات گرنگی بە مانەوەی ئەم شوێنانە بدرێت، لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی شوێنەواری دهۆک سکاڵای لەسەر تۆمار دەکرێت، بە بێ ئاگادار کردنەوەی لەلایەن دادگاوە لە رۆژی 62019-8-1 دەستگیر دەکرێت و بە کەفالەت ئازاد دەکرێت. |

## ڕێگەنەدان بە ڕووماڵ (9) حاڵەت

| ژمارە | ناوی ڕۆژنامەنووس | ڕەگەز | پیشەی ڕۆژنامەنووسی | دەزگای ڕاگەیاندن | بەرواری پێشێلکاری | شوێنی پێشێلکاری | جۆری پێشێلکاری |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| 1- | - هێرش قادر<br>- ئەرشەد شوانی<br>- بەشدار حسێن<br>- بریار محەمەد<br>- ڕێناس عەلی<br>- ئاکام فارس | نێر<br>نێر<br>نێر<br>نێر<br>مێ<br>نێر | پەیامنێر<br>پەیامنێر<br>پەیامنێر<br>پەیامنێر<br>پەیامنێر<br>پەیامنێر | NRT<br>VAR tv<br>VAR tv<br>ROJ news<br>NRT<br>سپێدە | 2019/2/5 | هەولێر | لەلایەن هێزێکی ئەمنییەوە ڕێگری لە ڕووماڵ و چوونە ناو پەرلەمانیان لێدەکرێت. |
| 2- | ئەمیر ئیسماعیل | نێر | پەیامنێر | ROJ news | 2019/2/23 | خانەقین | لەلایەن هێزی 8ی تەواری ڕێگری ڕووماڵکردنی لێدەکرێت بەبیانوی ئەوەی ئەو ناوچەیە ناوچەیەکی چۆڵە. |

| | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| 3- | - بژار دەباغ<br>- ژاڵە محەمەد<br>- زانکۆ عەبدوڵلا<br>-هاودێر ڕۆستەم | نێر<br>مێ<br>نێر<br>نێر | پەیامنێر<br>پەیامنێر<br>وێنەگر<br>وێنەگر | NRT | 2019/3/9 | سلێمانی | لەسەر دەستگیرکردنی شاسوار عەبدولواحید، ڕێگریان لێدەکرێت، لەلایەن ئاسایشی سلێمانیەوە ستێرم و کامێراکەیان لێ دەستێنرێت. |
| 4- | - هێرش قادر<br>-گۆران عەبدوالخالق | نێر<br>نێر | پەیامنێر<br>وێنەگر | NRT | 2019/4/3 | هەولێر | لەلایەن هێزێکی ئەمنییەوە لە پێشانگای کتێبی نێودەوڵەتی ڕێگەنادەن ڕوومال بکەن. |
| 5- | - زەردەشت حەقی<br>- هەڤاڵ دیلان | نێر<br>نێر | پەیامنێر<br>پەیامنێر | K24 | 2019/4/5 | هەولێر | لەلایەن هێزە ئەمنییەکانەوە ڕێگریان لێدەکرێت لەکاتی ڕووماڵی ڕووداوێکی کوشتن. |
| 6- | نەوزاد مەحموود | نێر | پەیامنێرو کامێرامان | K24 | 2019/4/14 | کەرکوک | لەکاتی هاتنی شاندی وەزیر و 12 بریکاری حکومەتی عێراقی لەلایەن هێزێکی ئەمنییەوە بە فەرمانی ڕاکان جبوری ڕێگریان لێدەکرێت و کەلوپەلەکانیان دەستبەسەر دەکرێت. |
| 7- | - هێرش قادر<br>- گۆران عەباس | نێر<br>نێر | پەیامنێر<br>وێنەگر | NRT | 2019/4/15 | هەولێر | لە بەردەم ئەنجومەنی وەزیران لەکاتی ڕووماڵی خۆپیشاندانی یەکەمەکانی سەر ئاستی هەرێم، لەلایەن هێزێکی ئەمنییەوە ڕێگری لە ڕووماڵ و هەڕەشەی شکاندنی کامێرەکانیان لێدەکرێت. |
| 8- | تیمی ڕۆژنیوز | | پەیامنێر | ROJ news | 2019/6/10 | هەولێر | لەلایەن هێزە ئەمنییەکانەوە ڕێگری لە ڕووماڵی مەراسیمی سوێند خواردنی سەرۆکی هەرێمی کوردستان دەکرێت. |

| | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| 9- | شەکیران ڕەمەزان | | پەیامنێرو وێنەگر | NRT | 2019/5/19 | ئاکرێ | دوای بڵاوکردنەوەی ڕاپۆرتێک لە ئێن ئارتی تایبەت بە خزمەتگوزارییەکانی کەرتی تەندروستی لە نەخۆشخانەکانی گوڵان وتەنگاقیان، ڕێگریان لێدەکرێت |

## هێرش و سوکایەتی (5) حاڵەت

| ژمارە | ناوی ڕۆژنامەنووس | ڕەگەز | پیشەی ڕۆژنامەنووسی | دەزگای ڕاگەیاندن | بەرواری پێشێلکاری | شوێنی پێشێلکاری | جۆری پێشێلکاری |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| 1- | - محەمەد ستار<br>- سەلام حسێن | نێر<br>نێر | پەیامنێر<br>پەیامنێر | سیندە | 2019/2/4 | سلێمانی | لەلایەن ئاسایشەوە هێرش دەکرێتە سەریان و کەلوپەلەکانیان دەستی بەسەردا دەگیرێت لەکاتی خۆپیشاندانی شۆفێرانی تەکسی دژی بڕیارەکەی وەزارەتی ناوخۆ. |
| 2- | - هەژار ڕەشید<br>- محەمەد ستار | نێر<br>نێر | پەیامنێر<br>وێنەگر | VAAR tv | 2019/2/21 | کەرکوک | لەکاتی هاتنی فاتح یلدزی باڵیۆزی تورکیا لەگەڵ پارێزگاری کەرکوک بۆ قەیسەریە سوتاوەکە لەلایەن هێزە ئیستیخباراتەکانی کەرکوک ناسنامەکەیان لێدەسەنرێت و سوکایەتیان پێ دەکرێت و جنێوی ناشیرینیان پێ دەوترێت و دەکرێنە دەرەوە. |
| 3- | - خەبات حامد<br>- ساجد کەمال | نێر<br>نێر | وێنەگر<br>پەیامنێر | سیندە | 2019/4/11 | سلێمانی | لە ڕۆژی ماراسۆنەکە لەلایەن هێزێکی ئەمنییەوە ڕێگریان لێدەکرێت و بە جنێوو سوکایەتیەوە کامێراکەیان لێدەسەنن |

| | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| 4- | -سۆران کامەران<br>– سەباح ئەنوەر<br>– هەژار ڕەشید<br>– محەمەد ستار<br>– هیوا حسام الدین<br>-ئەحمەد نەژدەت | نێر<br>نێر<br>نێر<br>نێر<br>نێر<br>نێر | پەیامنێر<br>وێنەگر<br>پەیامنێر<br>وێنەگر<br>پەیامنێر<br>وێنەگر | K24<br>WAAR tv<br>WAAR tv<br>RUDAW | 2019/4/14 | کەرکوک | لەکاتی هاتنی شاندی حکومەتی عێراقی لەلایەن هێزە ئەمنییەکانەوە ڕێگریان لێدەکرێت و بەرامبەر دەکرێت کەلوپەل و ئامێرەکانیان دەستییەسەردا دەگیرێت . |
| 5- | فەرحان حەمەخان | نێر | پەیامنێر | GK | 2019/1/27 | هەڵەبجە | لەبەردەمی ماڵەکەیدا ئۆتۆمبێلەکەی دەسوتێرێت |

## لێدان (1) حاڵەت

| ژمارە | ناوی ڕۆژنامەنووس | ڕەگەز | پیشەی ڕۆژنامەنووسی | دەزگای ڕاگەیاندن | بەرواری پێشێلکاری | شوێنی پێشێلکاری | جۆری پێشێلکاری |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| 1- | – محەمەد ڕەئوف<br>– محەمەد شەهاب | نێر<br>نێر | وێنەگر<br>وێنەگر | سپێدە | 2019/1/1 | هەولێر | لەکاتی ڕوومالی هەڵمەتی شارەوانی بۆ لابردنی زێدەڕۆیی سەر شەقامەکان لەلایەن هێزە ئەمنییەکانەوە ڕێگریان لێدەکرێت، لێیان دەدرێت دەست بەسەر کەلوپەلە ڕۆژنامەنووسیەکانیان دەگرن |

## داختستنی نووسینگە و کەناڵ (1) حاڵەت

| دەزگای ڕاگەیاندن | بەرواری پێشێلکاری | شوێنی پێشێلکاری | جۆری پێشێلکاری |
|---|---|---|---|
| NRT | 2019/2/25 – 2019/2/27 | دهۆک | داخستنی نووسینگە لەلایەن ئاسایشی دهۆکەوە |

## داوای پڕکردنەوەی فۆڕمی زانیاری کەسی و ئەمنی (1) حاڵەت

| ژمارە | ناوی ڕۆژنامەنووس | | پیشەی ڕۆژنامەنووسی | دەزگای ڕاگەیاندن | بەرواری پێشێلکاری | شوێنی پێشێلکاری | جۆری پێشێلکاری |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| 1- | – ئەمیر ئیسماعیل<br>– حەبیب فەرەج<br>– دەشتی جەمال<br>– عەلی فوئاد | نێر<br>نێر<br>نێر<br>نێر | پەیامنێر<br>وێنەگر<br>پەیامنێر<br>پەیامنێر و وێنەگر | بەرپرسی ڕاگەیاندنی پەروەردەی خانەقین | 2019/4/1 | خانەقین | لەلایەن بەرپرسی نووسینگەی ئەمنی نیشتیمانی لە خانەقین داوای پڕکردنەوەی فۆرمی کەسی و ئەمنیان لێدەکرێت تاکو ڕێگەیان بدەن کاری ڕۆژنامەنووسی بکەن. |

## هەڕەشە (1) حاڵەت

| ژمارە | ناوی ڕۆژنامەنووس | ڕەگەز | پیشەی ڕۆژنامەنووسی | دەزگای ڕاگەیاندن | بەرواری پێشێلکاری | شوێنی پێشێلکاری | جۆری پێشێلکاری |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| 1- | لەیث جوامێر | نێر | پەیامنێر | NRT | 2019/6/5 | بەغداد | هەڕەشەی کوشتن |

# بەشی سێیەم:
# بەیاننامەکانی لیژنەی داکۆکی (2019/1/1 – 2019/6/30)

**بەیاننامەی یەکەم:**

**بەیاننامەی لێژنەی داکۆکی لە ئازادی ڕۆژنامەنووسی و مافی ڕۆژنامەنووسان سەبارەت بە دەستگیرکردنی تیمەکانی ئێن ئارتی و داخستنی نووسینگەکەیان لە شاری دهۆک**

ڕۆژی شەممە 26-1-2019 لەکاتی ڕووماڵکردنی خۆپیشاندانەکەی ناحیەی شیلادزێ لەلایەن هێزە ئەمنییەکانەوە هێرش دەکرێتە سەر تیمەکانی ئێن ئارتی و چەند کاتژمێریک دەستگیر دەکرێن و دەست بەسەر کەلوپەلەکەیاندا دەگیرێت، بە داخەوە دوێنێش بەرواری 27-1-2019 نوسینگەی ئێن ئارتی لە شاری دهۆک داخرا. ئێمە جگە لەوەی دەستگیرکرن و هێرش کردن بۆسەر ڕۆژنامەنووسان و کەناڵی ڕاگەیاندن بە پێشێلکردنی یاسای ژمارە (35)ی ساڵی (2007)ی ڕۆژنامەگەری هەرێمی کوردستان و مەترسی بۆ سەر ئازادی ڕۆژنامەگەری دادەنێین و داواکارین لایەنە پەیوەندیدارەکان مامەڵەی یاسایی لەگەڵ ڕۆژنامەنووسان بکەن، کاری ڕۆژنامەنووسی تێکەڵ بە سیاسەت نەکرێت و هەرچی زووترە نوسینگەکەیان بکرێتەوە و کەلووپەلەکانیان بۆ بگێڕنەوە. لە هەمان کاتدا ڕۆژنامەنووسان و کەناڵەکانی ڕاگەیاندنیش پابەندی پاراستنی ئاسایشی نیشتمانی و ئیتیکی کاری ڕۆژنامەگەری بن.

**لیژنەی داکۆکی لە ئازادی ڕۆژنامەنوسی و مافی ڕۆژنامەنووسان**

2019-1-28

## بەیاننامەی دووەم

**بەیاننامەی لیژنەی داکۆکی لە ئازادی ڕۆژنامەنووسی و مافی ڕۆژنامەنووسان بەبۆنەی دەستگیرکردنی تیمێکی ڕۆژنامەنووسی کوردی لەلایەن حەشدی شەعبی یەوە**

دوێنی بەرواری 2019/3/2 لەشاری خانەقین، بەمەبەستی ئامادەکردنی بەرنامەی دێ بە دێ تیمێکی ڕۆژنامەنووسی کەناڵی تەلەفزیۆنی کەی ئێن ئێن کە پێک هاتبوون لە بەڕێزان (عەبدولڕەحمان ئەبوبەکر، پێشکەشکاری بەرنامەی دێ بە دێ و ڕەوا ئەحمەد سەرکەوت کەریم، کامێرامان و هەردی عەتا شۆفێر) لە قەزای خانەقین لەلایەن چەکدارانی حەشدی شەعبییەوە دەستگیر دەکرێن و دواتر ڕادەستی پۆلیسی خانەقین دەکرێن. ئێمە لەکاتێکدا ئیدانەی ئەو کارە دەکەین و داواکارین لە حکومەتی هەرێمی کوردستان و لایەنە پەیوەندیدارەکان پاراستنی گیان و سەلامەتی ڕۆژنامەنووسان لە ئەستۆ بگرن، داواکاریشین لە ڕۆژنامەنووسان کە گیانی خۆیان و سەلامەتی کارەکەیان لە پێش هەموو شتێکی ترەوە بە هەند وەربگرن.

**لیژنەی داکۆکی لە ئازادی ڕۆژنامەنووسی و مافی ڕۆژنامەنووسان**

2019/3/2

## بەیاننامەی سێهەم

**بەیاننامەی لیژنەی داکۆکی لە ئازادی ڕۆژنامەنووسی و مافی ڕۆژنامەنووسان بەبۆنەی دەستگیرکردنی ژمارەیەک ڕۆژنامەنووس لەلایەن هێزە عێراقییەکانەوە**

ڕۆژنامەنووسانی کورد دووبارە دەبنە ئامانجی سوپای عێراقی و هێزەکانی حەشدی شەعبی

لەماوەی ئەم مانگەدا ئەمە دوەمین جارە تیمە ڕۆژنامەنوسییە کوردییەکانی دەزگاکانی ڕاگەیاندنی هەرێمی کوردستان دەبنە ئامانج لای سوپای عێراقی و هێزەکانی حەشدی شەعبی و دەستگیر دەکرێن و کەلوپەلە ڕۆژنامەنوسییەکەیان دەستی بەسەردا دەگیرێت و ڕێگری لە ڕووماڵکردنیان دەکرێت.

لەبەرواری 2ی ئەم مانگە تیمێکی کەناڵی تەلەفزیۆنی کەی ئێن ئێن لە قەزای خانەقین دەستگیرکران و کەلوپەلەکەیان دەستی بەسەردا گیرا و دوای ڕۆژێک بە کەفالەت ئازاد کران. هەر ئەمرۆ بەرواری 2019/3/9 دووبارە تیمێکی تری کەناڵی تەلەفزیۆنی ئێن ئاڕ تی کە پێک هاتبوون لە پەیامنێر ‹نەزیر شنگلی› وێنەگر ‹سامی ئیسماعیل› و شوفێرێک لە قەزای شەنگال و تەلعەفەر لەکاتی ئەنجام دانی کارێکی ڕۆژنامەوانی دەستبەسەرکران و دواتر ئازاد کران.. ئەم کارانە و دووبارەبونەوەی ئەم پێشێلکارییانە پێچەوانەی یاسای ڕۆژنامەگەری عێراقی و هەرێمی کوردستانە. بۆیە وەک لیژنەی داکۆکی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان هەموو لایەک ئاگادار دەکەینەوە بەتایبەتی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی نێودەوڵەتی و عێراقی کە هەوڵی ڕێگریکردن لەم کارانە بدەن. لە هەمان کاتدا بە توندی ئیدانەی ئەم کارە دەکەین و سەلامەتی گیان و ئازادی کارکردنی ڕۆژنامەنووسەکانمان دەخەینە ئەستۆی حکومەتی عێراقی و حەشدی شەعبی کە هۆکاری سەرەکی ئەم پێشێلکارییانەن بەرامبەر ڕۆژنامەنووسەکانمان.

**لیژنەی داکۆکی لە ئازادی ڕۆژنامەنووسی و مافی ڕۆژنامەنووسان**

2019/3/9

## بەیاننامەی چوارەم

**بەیاننامەی لیژنەی داکۆکی لە ئازادی ڕۆژنامەنووسی و مافی ڕۆژنامەنووسان بە بۆنەی دەستگیرکردنی تیمی ڕۆژنامەنووسی ئێن ئارتی لە لایەن سوپای عێراقیەوە**

لەم ساڵدا بۆ چەندەمین جارە تیمە ڕۆژنامەنووسییە کوردییەکان دەبنە ئامانجی سوپای عێراقی و حەشدی شەعبی لە ناوچە جێناکۆکەکان و سنورەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و عێراق، لەکاتی ڕووماڵکردندا، چەندین جارە لەم ساڵدا تیمی ڕۆژنامەنووسە کوردییەکانی سەر بە دەزگا ڕاگەیاندنەکانی هەرێمی کوردستان ڕووبەڕوی ڕێگریکردن لە ڕووماڵ و گرتن و دەستبەسەر کەلوپەل گرتندا دەبنەوە. ڕۆژی دوو شەمە بەرواری (14)ی ئایاری (2019) تیمێکی ڕۆژنامەنووسی سەر بە کەناڵی ئێن ئارتی کە پێک هاتبوون لە ‹ئاسۆ ئەحمەد› پەیامنێر، هاوتا بەهرۆز کامێرامان لە گوندی پەلگانەی سەر بە ناحیەی سەرگەران، لەلایەن هێزێکی سوپای عێراقیەوە ڕێگری ڕووماڵکردنیان لێدەکرێت و کەلوپەلەکەیان دەستی بەسەردادەگیرێت، دوای هەشت کاتژمێر لە دەستگیرکردن ئازاد دەکرێن. بۆیە داوا لە هەموو لایەنە پەیوەندیدارەکان و سوپای عێراقی دەکەین کە بەرپرسیاریەتی سەلامەتی ڕۆژنامەنووسان لە ئەستۆ بگرن و ڕێز لە یاسای ئازادی ڕۆژنامەگەری عێراقی و هەرێمی کوردستان بگرن. داواشمان وایە سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی عێراقیش هەماهەنگ بن لە گەڵمان بۆ فەراهەم کردنی ژینگەیەکی ئارام و سەلامەت بۆ کاری ڕۆژنامەنووسی و پەیڕەوکردنی یاسای ڕۆژنامەگەری عێراقی و هەرێمی کوردستان.

**لیژنەی داکۆکی لە ئازادی ڕۆژنامەنووسی و مافی ڕۆژنامەنووسان لە کوردستان**

2019/5/15



نەقیب و جێگری نەقیب بەشداری دەکەن لە ڕێپێوانێک بۆ ئازادی لە ڕۆژنامەنووسی و بەرزراگرتنی یادی ئەو ڕۆژنامەنووسانەی لە پێناو ئازادی ڕۆژنامەگەریدا گیانیان بەخشی. 2019 تونس

# ڕاپۆرتی پێشێلکاری

## ژماره 24

## (2019/7/1 ـ 2019/12/31)

### بەشی یەکەم:

جۆرەکانی پێشێلکاری

دەستگیرکردن (9) حاڵەت

ڕێگەنەدان بە ڕووماڵ (15) حاڵەت

هێرش و سوکایەتی (5) حاڵەت

لێدان (1) حاڵەت

دەستبەسەرکردن (توقیف) (4) حاڵەت

داخستنی کەناڵ (1) حاڵەت

هەڕەشە (3) حاڵەت

## خشتەی یەکەم: ئاماری پێشێلکاری ڕاپۆرتی 24

| حاڵەت | کۆی ژمارەی ئەو دەزگا و ڕۆژنامەنووسانەی پێشێلکارییان بەرامبەر کراوە |
|---|---|
| 38 | 85 |

## خشتەی دووەم: ئاماری جۆرەکانی پێشێلکاری ڕاپۆرتی 24

| ژ | جۆری پێشیلکاری | حاڵەت | ژمارەی ئەو دەزگا و ڕۆژنامەنووسانەی پێشێلکارییان بەرامبەر کراوە |
|---|---|---|---|
| 1 | دەستگیرکردن | 9 | 12 |
| 2 | ڕێگەنەدان بە ڕووماڵ | 15 | 42 |
| 3 | هێرش و سوکایەتی | 5 | 9 |
| 4 | لێدان | 1 | 1 |
| 5 | داخستنی کەناڵ | 1 | 1 |
| 6 | دەستبەسەرکردن (توقیف) | 4 | 14 |
| 7 | هەڕەشە | 3 | 6 |
| | کۆی گشتی | 38 | 85 |

## خشتەی سێیەم: ئاماری پێشێلکاری بە پێی پارێزگا

| ناوی پارێزگا | سلێمانی | هەولێر | دهۆک | کەرکوک |
|---|---|---|---|---|
| ژمارەی پێشێلکاری | 11 | 11 | 2 | 13 |

## خشتەی چوارەم: ئاماری پێشێلکارییەکان بە پێی ڕەگەز

| پێشێلکاری بەپێی ڕەگەز | نێر | مێ |
|---|---|---|
| ژمارەی پێشێلکاری | 81 | 3 |

## بەشی دووەم:

## خشتەی پێشێلکارییەکان

## دەستگیرکردن (9) حاڵەت

| ژ | ناوی ڕۆژنامەنووس | ڕەگەز | پیشەی ڕۆژنامەنووسی | دەزگای ڕاگەیاندن | بەرواری پێشێلکاری | شوێنی پێشێلکاری | جۆری پێشێلکاری |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| 1- | ئەیوب عەلی | نێر | پەیامنێر | NRT | 2019-8-28 | سلێمانی | بە هۆی ڕووماڵ کردنی تیمی ئەندازیاری نۆژەنکردنەوەی نەوەی نوێ ،ڕێگری ڕووماڵ کردنی لێدەکرێت و دەستگیردەکرێت و دەست بەسەر کەل و پەلەکانیدا دەگیرێت و دواتر ئازاد دەکرێت. |
| 2- | - کارزان تاریق<br>- مەڵبەند سالار | نێر<br>نێر | پەیامنێر<br>وێنەگر | NRT | 2019-12-4 | سلێمانی | لەکاتی ئامادەکردنی ڕاپۆرتێک لەسەر شوقەکانی تایبەت بە کرێنیشنان لەلایەن ئاسایشەوە دەستگیر دەکرێن و دواتر ئازاد دەکرێت. |
| 3- | بریار محەمەد | نێر | پەیامنێر | ROJnews | 2019-8-21 | هەولێر | لەسەر ئامادەکردنی ڕاپۆرتێکی ڕۆژنامەنووسی دەستگیردەکرێت و دواتر ئازاد دەکرێت. |
| 4- | ولیم بنیامین ئادەم | نێر | میدیاکار | ئاژانسی ئاسۆ | 2019-9-13 | دهۆک | لەگەڕانەوەی لە کاری میدیایی لە ڕۆژئاوای کوردستان لەلایەن ئاسایشی دهۆکەوە دەستگیر دەکرێت و دواتر ئازاد دەکرێت. |

| | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| 5- | ئـــازاد عـوسـمـان محەمەد | نێر | بەڕێوەبەر | | 2019-9-13 | گـەرمـیـان سلێمانی | لـەسـەر ڕاپـۆرتـێـکـی ڕۆژنـامـەوانـی سـاڵـی 2015 لـەلایـەن دادگـای گـەرمـیـانـەوە دەسـتگیر دەکـرێـت دوای چـەنـد کاتژمێرێک بە کەفالەت ئـازاد دەکـرێـت. هەفتەی دواتـر بـە یـاسـای خـراپ بـەکـارهـێـنـانـی ئـامـێـرە ئەلەکترۆنیەکان دادگـایـی دەکرێت و سزادەدرێت و دواتر ئازاد دەکرێت. |
| 6- | ئامانج ئەحمەد | نێر | پەیامنێر | Sbeiy | 2019-11-12 | هەولێر | لـەکـاتـی ئـامـادەکـردنـی ڕاپـۆرتـێـک لـەنـاوچـەی بـرادۆسـت لـەلایـەن ئـاسـایـشـەوە کەلوپەلی ڕۆژنـامـەوانـیـەکـەی لـێ وەردەگـیـرێـت و بەمەبەستی پێدانەوەی کـەلـوپـەلـەکـەی بـانـگـی دەکەن بۆ ئاسایش، لەگەڵ گـەیـشـتـنـی بـە ئـاسـایـش دەسـتـبـەسـەردەکـرێـت و دواتر ئازاد دەکرێت.. |
| 7- | شوان عادل | نێر | بـەڕێـوەبـەری بەشی هەواڵ | NRT | 2019-12-8 | سلێمانی | لەسەر سکاڵای زانکۆی سـلـێـمـانـی تـایـبـەت بە ڕاپـۆرتـێـکـی بـڵاوکـراوە لەسەر زانکۆی سلێمانی لـەلایـەن دادگـای سـلـێـمـانـیـەوە فـەرمـانـی دەست بەسەرکردنی بۆ دەرکرا و هەر ئەو ڕۆژە دەستگیردەکرێت و دواتر ئازاد دەکرێت.. |
| 8- | – محمد کاکەڕەش<br>– محمد کەمال | نێر<br>نێر | پەیامنێر<br>وێنەگر | NEWS | 2019-6-17 | کەرکوک | لەکاتی ڕووماڵکردنی سـوتـانـی کـارگـەی پـلاسـتـیـک لـە حـەسـار دەسـتـگـیـر دەکـرێـن بۆ مـاوەی 2 کـاتـژمـێـر. و بـردنـی مـیـمـۆریـەکـەیـان لـەلایـەن هـێـزێـکـی چـەکـدارەوە و دواتر ئازاد دەکرێت. |

| | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| -10 | - هێمن دەلۆ<br>- نەوزاد محەمەد | نێر<br>نێر | پەیامنێر<br>وێنەگر | K24 | 2019-11-27 | کەرکوک | بەمەبەستی ڕووماڵکردنی کێشەی جوتیاران لەسنوری گوندی پەڵکانە،هێزێکی مغاویری فرقەی چواری سوپای عێراق دەست بەسەریان دەکەن و دوای گواستنەوەیان بۆ بارەگایەکی ئەو هێزە لیکۆڵینەوەی ورد و نزیکی 1 کاتژمێر دەست بەسەر کردنیان دواتر ئازاد دەکرێن. |

## ڕێگەنەدان بە ڕووماڵ (15) حاڵەت

| ژ | ناوی ڕۆژنامەنووس | ڕەگەز | پیشەی ڕۆژنامەنووسی | دەزگای ڕاگەیاندن | بەرواری پێشێلکاری | شوێنی پێشێلکاری | جۆری پێشێلکاری |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| -1 | - ئاکار فارس<br>- هیوا حامد<br>- هەرێز مامە<br>- هۆشیار حسێن | نێر<br>نێر<br>نێر<br>نێر | پەیامنێر<br>پەیامنێر<br>وێنەگر<br>وێنەگر | سپێدە | 2019-7-17 | هەولێر | لەکاتی ڕووداوی تەقەکردن لە فەرمانبەرێکی کۆنسڵخانەی تورکیا لەچێشتخانەیەکی شاری هەولێر لەلایەن هێزە ئەمنییەکانەوە ڕێگریان لێکراوە ڕووماڵ بکەن و دوور خراونەتەوە. |
| -2 | - بریار نێروەی<br>- عادل نهێلی | نێر<br>نێر | پەیامنێر<br>وێنەگر | NRT | 2019-7-19 | دهۆک | بەمەبەستی ڕووماڵ کردنی بریندارەکانی تۆپبارانی فرۆکەکانی تورکیا لە نەخۆشخانەی تەنگاڤی لەلایەن پۆلیسی نەخۆشخانەکەوە ڕێگریان لێدەکرێت ڕاپۆرت ئامادە بکەن. |

| | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| -3 | – ستیر حکیم<br>– تارق محمد | نێر<br>نێر | پەیامنێر<br>وێنەگر | | 2019-7-17 | هەولێر | بەمەبەستی ڕووماڵ کردنی ڕوداوەکەی هەولێر، کە فەرمانبەرێکی کونسوڵی تورکیا کوژرا، ڕێگریان لێدەکرێت و دوور دەخرێنەوە. |
| -4 | – هێرش قادر<br>– گۆران عبدالخالق<br>– سۆران ئەحمەد | نێر<br>نێر<br>نێر | پەیامنێر<br>وێنەگر<br>وێنەگر | NRT | 2019-7-17 | هەولێر | بەمەبەستی ڕووماڵ کردنی ڕووداوەکەی هەولێر، کە فەرمانبەرێکی کونسوڵی تورکیا کوژرا، ڕێگریان لێدەکرێت و دوور دەخرێنەوە |
| -5 | – ئومێد حسێن قاسم<br>– حسن مولود | نێر<br>نێر | پەیامنێر<br>وێنەگر | NRT | 2019-7-17 | هەولێر | بەمەبەستی ڕووماڵ کردنی کەمپی ڕۆستەم جودی کە تایبەتە بە کوردانی باکور لەلایەن فڕۆکەکانی تورکیاوە بۆردومان کرابوو، لەلایەن هێزەکانی سوپای عێراقیەوە ڕێگریان لێ دەکرێت بچن بۆ مەخمور. |
| -6 | – هێرش قادر<br>– حسن مەولود | نێر<br>نێر | پەیامنێر<br>وێنەگر | NRT | 2019-8-28 | هەولێر | بەمەبەستی ڕووماڵکردنی نۆژەنکردنەوەی دەروازەی سۆران، لەلایەن پۆلیسی سۆرانەوە ڕیگریان لێکرا |

| | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| 7- | - هێرش قادر<br>- گۆران عبدالخالق | نێر<br>نێر | پەیامنێر<br>وێنەگر | NRT | 2019-9-20 | هەولێر | لە کاتی ڕووماڵکردنی سووتانی چەند کۆگایەک لە هەولێر، لەلایەن هێزە ئەمنییەکانەوە ڕێگریان لێکرا و پەخشی ڕاستەوخۆیان پێبڕدرا |
| 8- | ڕەوەند محمد ڕەشید (بۆتان گەرمیانی) | | پەیامنێر | ROJnews | 2019-4-4 | گەرمیان<br>-سلێمانی | لەکاتی ئامادەکردنی ڕاپۆرتێک لەسەر دوکانێکی جل و بەرگی کلتوری لەناو بازاری شاری کەلار، لەلایەن ئاسایشەوە کەلوپەلەکەی بە تەواوەتی لێدەسەنرێت و ڕێگری لێدەکرێت. |
| 9- | - هێرش قادر<br>- گۆران عبدالخالق | نێر<br>نێر | پەیامنێر وێنەگر | NRT | 2019-11-27 | سلێمانی | ڕێگریان لێدەکری کۆبوونەوەی نێوان سەرۆکی هەرێم و ئەمیری کۆمەڵی ئیسلامی ڕووماڵ بکەن. |
| 10- | - سۆران داودی<br>- عەبدوڵا سەمەد | نێر<br>نێر | پەیامنێر<br>وێنەگر | الحرة | 2019-11-27 | کەرکوک | لەبەر ڕاگرتنی ئیش کردنی کەناڵەکە لەلایەن حکومەتی عێراقیەوە ڕێگریان لێکراوە ڕوماڵ بکەن. |
| 11- | - هەردی محمد<br>- عدنان حەسۆ | نێر<br>نێر | پەیامنێر<br>وێنەگر | الحرة | 2019-11-27 | کەرکوک | لەبەر ڕاگرتنی ئیش کردنی کەناڵەکە لەلایەن حکومەتی عێراقیەوە ڕێگریان لێکراوە ڕوماڵ بکەن |
| 12- | - محمد کاکەڕەش<br>- محمد کەماڵ | نێر<br>نێر | پەیامنێر<br>وێنەگر | NEWS | 2019-7-25 | کەرکوک | لەبازگەی حەفتەغار لێکۆڵینەوەیان لەگەڵ کراوە ڕێگریان لێکراوە بۆ ڕووماڵ کردنی ئەو تەعەدایەی دەکرێتە سەر کوردانی ناوچەکە. |

| | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| 13- | - محمد کاکەڕەش<br>- محمد کمال | نێر<br>نێر | پەیامنێر<br>وێنەگر | NEWS | 2019-9-12 | کەرکوک | لەکاتی ڕووماڵی خۆپیشاندانێک لە شاری کەرکوک لەلایەن ئیستیخباراتی کەرکوک ڕێگریان لێکرا. |
| 14- | - نبز مقداد فخرالدین<br>- عەلی نورالدین | نێر<br>نێر | پەیامنێر<br>وێنەگر | NRT | 2019-12-5 | کەرکوک | ڕێگریان لێکراوە بۆ چوونە ناو شاری داقوق بەمەبەستی ڕووماڵ کردنی ڕەوشی شارەکە، دواتر ناسنامەکەیان لەلایەن لیوای شارەکە لێسەندراوە. |
| 15- | - ئیبراهیم ساڵح<br>- سیروان صدیق<br>- سوهەیب محمد<br>- یەحیا جاف<br>- ئەبوبەکر حسێن<br>- ئەیوب سلێمان<br>- بروا محمد<br>- شۆرش والی<br>- عمر فتاح<br>- علی حمەسعید<br>- یادگار حسێن<br>- هەڵۆ جەباری<br>- وشیار محمد | نێر<br>نێر<br>نێر<br>نێر<br>نێر<br>نێر<br>نێر<br>نێر<br>نێر<br>نێر<br>نێر<br>نێر<br>نێر | پەیامنێر<br>وێنەگر<br>پەیامنێر<br>پەیامنێر<br>وێنەگروپەیامنێر<br>وێنەگر<br>پەیامنێر<br>پەیامنێر<br>پەیامنێر<br>پەیامنێر<br>وێنەگر<br>وێنەگر<br>وێنەگروپەیامنێر | سپێدە<br>NEWS<br>GK<br>tv<br>NRT<br>tv | 2019-12-7 | سلێمانی | لە میانەی بەڕێوەچوونی یارییەکانی خولی پلەیەکی کوردستان و لە یاریگای شانەدەری یاری نێوان سەیدسادق و خاک بەڕێوەچوو، سەرپەرشتیاری یارییەکە بە بیانوی ڕێککەوتن لەگەڵ کۆمپانیایەکی پەخش، ڕێگری لە تیمەکانی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن دەکات و ڕێگە نادات ڕووماڵی یارییەکە بکەن. |

## هێرش و سوکایەتی (5) حاڵەت

| ژ | ناوی ڕۆژنامەنووس | ڕەگەز | پیشە ڕۆژنامەنووسی | دەزگای ڕاگەیاندن | بەرواری پێشێلکاری | شوێنی پێشێلکاری | جۆری پێشێلکاری |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| 1- | هیمن دەلۆ<br>سەباح ئەنوەر | نێر<br>نێر | پەیامنێر<br>وێنەگر | NEWS | 2019-10-15 | کەرکوک | لەکاتی خۆپیشاندان لەبەردەم بارەگای هێزە عێراقییەکان لەلایەن خۆپیشاندەرانەوە هێرش کرایە سەریان . |
| 2- | - هەژار ڕەشید<br>- محمد ستار | نێر<br>نێر | پەیامنێر<br>وێنەگر | VAAR tv | 2019-10-15 | کەرکوک | لەکاتی خۆپیشاندان لەبەردەم بارەگای هێزە عێراقیەکان لەلایەن خۆپیشاندەرانەوە هێرشیان دەکرێتە سەر. |
| 3- | - محمد کاکەڕەش<br>- محمد کمال | نێر<br>نێر | پەیامنێر<br>وێنەگر | NEWS | 2019-9-1 | کەرکوک | بەمەبەستی ڕووماڵکردنی مەراسیمی عاشورا ڕێگریان لێدەکرێت و چەکیان بەرامبەر ڕادەکێشرێت |
| 4- | هاژە غەفور ئەمین | مێ | پەیامنێر | K24 | 2019-10-11 | سلێمانی | ڕێگری لێدەکرێت لە ڕووماڵکردنی گردبونەوەی کۆمەڵێک هاوڵاتی مامۆستایانی ئاینی دوای نوێژی هەینی بۆ پشتگیری لە کوردانی ڕۆژئاوا، لەلایەن کەسێک بەناوی مستەفا حەسەن گەورە هێرش دەکرێتە سەری و سوکایەتی پێ دەکرێت. |

| | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| 5- | - ڕازان باجەلان - عەبدول ڕەحمان محمد | مێ نێر | پەیامنێرو وێنەگر | | 2019-12-5 | سلێمانی- گەرمیان | هێرش و سوکایەتیان دەکرێتە سەر لەلایەن بەشی ڕاگەیاندنی شارەوانی ئەو شارە کاتێک دەیانەوێت ڕاپۆرتێک لەسەر چالاکیەکانی شارەوانی بکەن |

## لێدان (1) حاڵەت

| ژ | ناوی ڕۆژنامەنووس | ڕەگەز | پیشەی ڕۆژنامەنووسی | دەزگا | بەرواری پێشێلکاری | شوێنی پێشێلکاری | جۆری پێشێلکاری |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| 1- | ئەحمەد زاویتی | نێر | پەیامنێر و بەرپرسی نووسینگەی کەناڵی ئەلجەزیرە لە هەولێر | | 2019-7-7 | هەولێر | لەکاتی ڕوومال کردنی ڕووداوی تەقەکردن لە فەرمانبەرێکی کونسولی تورکیا لە چێشتخانەیەکی شاری هەولێر لەلایەن هێزەکانی دژەتیرۆری سەربە حکومەتی هەرێمی کوردستان هێرش دەکرێتە سەریان و لێیان دەدرێت و سوکایەتیان پی دەکرێت |

## فەرمانی دەستبەسەرکردن (توقیف) (4) حاڵەت

| ژ | ناوی ڕۆژنامەنووس | ڕەگەز | پیشەی ڕۆژنامەنووسی | دەزگا | بەرواری پێشێلکاری | شوێنی پێشێلکاری | جۆری پێشێلکاری |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| 1- | ئەحمەد مستەفا | نێر | پەیامنێر | NRT | 2019-11-3 | هەولێر | لەسەر بڵاوکردنەوەی بابەتێک لە کەناڵی تەلەفزیۆنی ئێن ئار تی تایبەت بە گیان لەدەست دانی نەخۆشێک لە نەخۆشخانەیەکی شاری هەولێر و لەسەر سکاڵای سەندیکای پزیشکان، بانگهێشتی دادگای هەولێر دەکرێت و بەیاسای خراپ بەکارهێنانی ئامێرە ئەلەکترۆنیەکان سزادەدرێت و بە کەفالەتی 3 ملیۆن ئازاد دەکرێت. |
| 2- | - محمد ڕەوف<br>- فازلحەمە<br>- ڕەفعەت ناميق ڕەسوڵ<br>- نیاز عەبدوڵا<br>- هێمن مامەند<br>- ڕزگار کۆچەر | نێر<br>نێر<br>نێر<br><br>مێ<br>نێر<br>نێر | سەرنووسەر<br>پەیامنێر<br>پەیامنێر<br><br>نووسەر<br>نووسەر<br>نووسەر | DRAW | 2019-11-27 | هەولێر | لەسەر سکاڵایەک لە دادگای هەولێر سەبارەت بە بڵاوکردنەوەی بابەتێک لەدرەو میدیا تایبەت بە ڕووداوی کوشتنی فەرمانبەرێکی کۆنسوڵی تورکیا لە چێشتخانەیەکی شاری هەولێر بانگهێشتی دادگادەکرێن، فەرمانی دەستگیرکردنیان بۆ دەردەچێت و بەیاسای خراپ بەکارهێنانی ئامێرە ئەلەکترۆنیەکان مامەڵەیان لەگەڵ دەکرێت، بەکەفالەتی 5 ملیۆن دینار ئازاد دەکرێن. |

| | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| 3- | - شوان عادل<br>- ئیحسان سابر | نێر<br>نێر | بەڕێوەبەر<br>پەیامنێر | NRT | 2019-11-10 | کەلار<br>سلێمانی | بەهۆی بڵاوکردنەوەی ڕاپۆرتێک لە کەناڵی تەلەفزیۆنی ئێن ئار تی، بڕیار درا 20 ڕۆژ دەست بەسەربکرێن هەمان ڕۆژ بە کەفالەت ئازاد کران. |
| 4- | - محەمەد محەمەد نەجیب<br>- سەرهەنگ ئیسماعیل<br>- کارۆخ نامیق<br>- کاردۆ عەبدول ڕەحمان<br>- ئیدریس عومەر | نێر<br>نێر<br>نێر<br>نێر<br>نێر | هەواڵساز<br>هەواڵساز<br>سەرنووسەر<br>هەواڵساز<br>خاوەنی دەزگای مۆر | دەزگای مۆر | 2019-11-20 | سلێمانی | لەسەر سکاڵایەکی کۆمپانیای بەڕێز فەرمانی دەستبەسەر کردنیان بۆ دەردەچێ، پاشان بە کەفالەت ئازاد دەکرێن. |

## داخستنی نووسینگە و کەناڵ (1) حاڵەت

| دەزگای ڕاگەیاندن | بەرواری پێشێلکاری | شوێنی پێشێلکاری | جۆری پێشێلکاری |
|---|---|---|---|
| K24 | 2019/7/10 – 2019/9/10 | ڕۆژئاوا | داخستنی نووسینگە لەلایەن ئیدارەی باکوری سوریاوە بۆ دوو مانگ |

## هەڕەشە (3) حاڵەت

| ژ | ناوی ڕۆژنامەنووس | ڕەگەز | پیشەی ڕۆژنامەنووسی | دەزگا | بەرواری پێشێلکاری | شوێنی پێشێلکاری | جۆری پێشێلکاری |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| 1- | - دیار تالب محمد<br>- هیشام محمد | نێر<br>نێر | پەیامنێر<br>وێنەگر | KIRKUK | 2019-12-6 | کەرکوک | بۆ ڕووماڵکردنی شوێنی تەقینەوەی بۆمبێکی چێنراو لە گەڕەکی پەنجا عەلی لە کەرکووک لەلایەن لیوای 61ی سەرۆک وەزیران هەڕەشەیان لێکراوە. |

| | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| 2- | - هەژار ڕەشید<br>- محمد ستار | نێر<br>نێر | پەیامنێر<br>وێنەگر | VAAR tv | 2019-10-31 | کەرکوک | لەکاتی ڕوماڵکردنی خۆپیشاندانی خوێندکارانی زانکۆی کەرکوک لەلایەن هێزە عێراقییەکان ڕێگریان لێکراو دواتر کەسێک بە پلەی ڕائید لە لیوای 61ی سەرۆک وەزیران هەرەشەی لێکروون ئەگەر شوێنەکە بەجی نەهێڵن کامێراکە لەسەریان دەشکێنێت. |
| 3- | - هێمن دەلۆ<br>- نەوزاد محمد | نێر<br>نێر | پەیامنێر<br>پەیامنێر | K24 | 2019-11-28 | کەرکوک | لەکاتی وەرگرتنی لێدوان لە ئەنجومەنی گوندی حەفتە غازی سەربە داقوق لەلایەن لیوای 61ی سەرۆک وەزیران ڕێگریان لێدەکرێت و دوای هەوڵیکی زۆر ئینجا ڕێگەیان دەدەن ئەو شوێنە بەجی بهێڵن |

## بەشی سێیەم
## بەیاننامە و ڕوونکردنەوەکانی لیژنەی داکۆکی
## (2019/12/31 – 2019/7/1)
## بەیاننامە: (4)
## ڕوونکردنەوە (2)

**بەیاننامەی یەکەم:**

**بەیاننامەی لیژنەی داکۆکی لە ئازادی ڕۆژنامەنووسی و مافی ڕۆژنامەنووسان بە بۆنەی داخستنی نووسینگەی کەناڵی کوردستان 24 لە ڕۆژئاوای کوردستان**

دامەزراوەی کوردستان 24 بۆ توێژینەوە و ڕاگەیاندن، ماوەی چەند ساڵێکە لە ڕۆژئاوای کوردستان «باکووری سووریا» بە وەرگرتنی مۆڵەتی فەرمی لە ئیدارەی ناوچەکە کارە ڕۆژنامەوانیەکانی ئەنجام دەدات ،لە ئێستادا لە ڕۆژئاوای کوردستان لە لایەن ئیدارەی باکوری سوریاوە کارکردنی ڕاگیراوە مۆڵەتەکەشیان هەڵپەساردوون ،بۆیە ئێمە لە لیژنەی داکۆکی لە ئازادی ڕۆژنامەنووسی و مافی ڕۆژنامەنووسان ئیدانەی ئەو ڕێگریە و هەموو جۆرەکانی ڕێگری لە کاری ڕۆژنامەوانی دەکەین و بە مەترسی بۆ سەر ئازادی ڕۆژنامەوانی و پرەنسیپەکانی دیموکراتی دەزانین و پێچەوانەی یاساکانی ئازادی ڕادەربڕین و ڕۆژنامەوانی جیهانیە.

لە هەمان کاتدا نیشانەیەکی باش نابێت بۆ ئیدارەی ناوچەکە، بۆیە داوکارین لە ئیدارەی ناوچەکە بەزوترین کات مافی کارکردن بۆ دامەزراوەی کەناڵی کوردستان 24 بگەڕێنێتەوە ،ژینگەیەکی ئازاد بۆ کاری ڕۆژنامەوانی فەراهەم بکات تاکو وێنایەکی جوان لە ئیدارەکرنی دیموکراسی پیشانی جیهان بدەن.

**لیژنەی داکۆکی لە ئازادی ڕۆژنامەنووسی و مافی ڕۆژنامەنووسان**

2019-9-2

**بەیاننامەی دووەم:**

**بەیاننامەی لیژنەی داکۆکی بە بۆنەی شەهیدبوون و برینداربوونی ژمارەیەک ڕۆژنامەنووسی کورد لە ڕۆژئاوای کوردستان**

لەگەڵ بەردەوام هەوڵ و داکۆکی ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ و ناوەندەکانی داکۆکی لە ئازادی ڕۆژنامەنووسی و مافی ئازادی ڕادەربڕین، بەردەوام ڕۆژنامەنووس لە پێناو دەست خستنی زانیاری و گەیاندنی ڕاستیەکان دەبێتە قوربانی، بەتایبەتی لە ناوچەکانی جەنگ و ململانێکان، لەگەڵ ئەوەی مافی پاراستنی گیان و سەلامەتی ڕۆژنامەنووس و بوونی لەناوچەکانی ململانێ و جەنگەکان بە پێی یاسا نێودەوڵەتیەکانی ئازادی ڕۆژنامەگەری ڕێکخراوە و ڕێگە پێدراوە. بەداخەوە گەلی کورد و ڕۆژنامەنووسی کورد بەهۆی ژێردەستەیی و نەبوونی دەوڵەت، پشکی هەرەزۆری ئەو قوربانیانە دەدات هەربۆیە لەهەموو جەنگ و ململانێیەک بە بێ قوربانی ژمارەیەک ڕۆژنامەنووس لێی دەرناچین.

لەبەرواری 13-10-2019 بەهۆی تۆپبارانکردنی فڕۆکەکنی تورکیا بۆ سەر هاوڵاتی مەدەنی لەناوچەی ‹سەرێ کانی› ژمارەیەک ڕۆژنامەونس شەهید و بریندار دەبن لەوانە

1. شەهید :محەمەد حسێن ڕەشید پەیامنێری ‹چرا تیڤی›
2. شەهید: سەعد ئەحمەد .پەیامنێری ئاژانسی هاوار

وە برینداربوونی
1. محەمە ئاکنجی .پەیامنێری ئاژانسی ‹ئانها›
2. ئەرسین جاکسو .پەیامنێری ئاژانسی فورات
3. دلسۆز دڵدار، پەیامنێری ‹نوث پرس›

هەروەها ڕۆژنامەنووسان› بیرجان یلّدز و ڕوزین ئەکین. و عوبێد ئەلرەشید محمد بەهەمان شێوە برینداربوون لە هەمان کاتدا لە بەرواری 16-10-2019 لە باکوری سوریا ڕۆژنامەنووس ‹نوروز محەمەد› پەیامنێری ‹ئیفرۆ کوردستان› لەلایەن هێزەکانی تورکیاوە بریندار دەکرێت و دوای گواستنەوەی بۆ نەخۆشخانە بەهۆی سەختی برینەکەیەوە گیان لەدەست دەدات.

ئێمە ئیدانەی ئەو کارە دژ بە مرۆڤایەتی و هاوڵاتیانی مەدەنی و هەروەها کوژران و برینداربوونی ئەو ڕۆژنامەنووسانە دەکەین و لەخوای گەورە داواکارین کە بە بەهەشتی بەرینیان شاد بکات و سەبوری خانەوادە و هاوپیشەکانیان بدات. هیوای هەرچی زوترە چاک بوونەوە و شیفا بۆ بریندارەکان دەخوازین.

**لیژنەی داکۆکی لە ئازادی ڕۆژنامەنووسی و مافی ڕۆژنامەنووسان هەولێر**

2019-10-16

**بەیاننامەی سێیەم:**

## بەیاننامەی لیژنەی داکۆکی لە ئازادی ڕۆژنامەنووسی و مافی ڕۆژنامەنووسان بە بۆنەی هێرش کردنە سەر تیمی کەناڵی ئەلجەزیرە

ئەمڕۆ بەرواری 17-7-2019 لەیەکێک لە چێشتخانەکان لە شاری هەولێر لەکاتی ڕووماڵ کردنی ڕوداوێکی نەخوازرا و تەقەکردن لە فەرمانبەرێکی کونسوڵی تورکیا لە هەولێر کە تێدا خۆی و چەند کەسێکی تر بوونە قوربانی، وەک هەمیشە کە ڕۆژنامەنووس لە شوێنی ڕووداوەکان بوونیان هەیە بە مەبەستی گواستنەوەی ڕووداو زانیاریەکان و بە پێی یاسای ڕۆژنامەگەری ئەم مافەیان پێدراوە. بەڵام بەداخەوە لەلایەن هێزەکانی دژە تیرۆری حکومەتی هەرێمی کوردستان هێرش دەکرێتە سەر ڕۆژنامەنووس ‹ئەحمەد زاویتی› بەرپرسی نووسینگەی کەنڵی ئەلجەزیرە لە هەرێمی کوردستان و تیمەکەی و بە توندی لێ دەدرێت و سوکایەتیان پێ دەکرێت گەرچی ئێمە هەست بە بەرپرسیاریەتی هێزە ئەمنییەکان دەکەین بۆ پاراستنی ئاسایش و گیانی هاوڵاتیان، بەڵام بۆ سەروەر بوونی یاساو پاراستنی ئازادی ڕۆژنامەنووسان پێویستە ئاگاداری ژیان و سەلامەتی ڕۆژنامەنووسانیش بن. ئەمەش لەکاتێکدا 2 ڕۆژ بەر لە ئێستا داتاکانی پێشێلکاری بەرامبەر ڕۆژنامەنووسان لە 6 مانگی ڕابردودا خرایە ڕوو و داوا لە هێزە ئەمنییەکان کرا کە پێشێلکاری بەرامبەر ڕۆژنامەنووسان کەم کەنەوە و ڕێز لەیاسای ڕۆژنامەگەری ژمارە ‹35›ی ساڵی 2007 هەرێمی کوردستان و ئازادی ڕادەربرین بگرن. بۆیە ئێمە لە لیژنەی داکۆکی لە ئازادی ڕۆژنامەنووسی و مافی ڕۆژنامەنووسان ئیدانەی ئەو کارە و هەموو جۆرەکانی پێشێلکاری بەرامبەر ڕۆژنامەنووسان دەکەین و دوبارە داواکارین لە حکومەتی هەرێمی کوردستان سنورێک بۆ ئەم جۆرە کارانە دانێت بەرامبەر ڕۆژنامەنووسان و ئازادی ڕادەربرین لەم هەرێمەدا. وە نیگەرانی خۆشمان لەو ڕووداوە دەردەبرین و سەرەخۆشی لە خانەوادەی قوربانیەکان دەکەین .

**لیژنەی داکۆکی لە ئازادی ڕۆژنامەنووسی و مافی ڕۆژنامەنووسان هەولێر**

2019-7-17

**بەیاننامەی چوارەم:**

**بەیاننامەی لیژنەی داکۆکی لە ئازادی ڕۆژنامەنووسی و مافی ڕۆژنامەنووسان بەبۆنەی خراپی بارودۆخی ڕۆژنامەنووسان لەشاری کەرکوک**

لەشاری کەرکوک پێشێلکارییەکان بەرامبەر ڕۆژنامەنووسان لە بەرزبوونەوەی بەردەوام دایە ئاشکرایە زۆر بوونی گرژی و ململانێ و نائارامی لەهەر شوێنێکدا هەبێت، دەبێتە سەرچاوەی هەواڵ و خولقێنەری ڕووداوەکان، بێگومان ئەمانە بابەتگەلێکن پێویستیان بە ڕوومال و بەدواداچوونی ڕۆژنامەوانی زیاترە، لێرەشدا ئەرکی ڕۆژنامەنووسانە، کە کار بۆ دەستکەوتنی زانیاری بکەن و بەدوای هۆکار و ئاسەواری کێشەکاندا بگەڕێن و ڕاستی بابەتەکە بە خەڵک بگەیەنن. هەر بۆیەشە لەو جۆرە دۆخانەدا ژینگەی کاری ڕۆژنامەگەری دەبێتە مەترسی بۆ ڕۆژنامەنووسان و کاری ڕۆژنامەنووس. ماوەیەکە پارێزگای کەرکووک بەدۆخێکی سیاسی نائارام و پڕ کێشە تێدەپەڕێ، ڕێژەی پێشێلکاریەکان بەرامبەر ڕۆژنامەنووسان لەبەرزبوونەوەدایە و گەیشتۆتە ئاستێکی مەترسیدار، لەسەر سەندیکای ڕۆژنامەنووسان و حکومەتی عیراق و هەرێمی کوردستان و چ بۆ لایەنە پەیوەندیدارەکانە کەهەڵوەستەی جدی لەسەر بکەن، زەمینەیەکی لەبار و ئارام بۆ ڕۆژنامەنووسان فەراهەم بکەن و مەترسی لەسەر ژیانیان نەهێلن، چونکە ڕۆژنامەنووسانی کەرکوک سەرباری هەموو کێشەکانی دیکەیان، پشکی سەرەکی قوربانی و ناکۆکیە ڕەگەزی و حیزبی و سیاسییەکانیان بەردەکەوێت. ئێمە لە لیژنەی داکۆکی لە ئازادی ڕۆژنامەگەری و مافی ڕۆژنامەنووسانی کوردستان ئەم پرسە بەپرسێکی هەستیار و نائاسایی و مەترسیدار دەزانین، پێمان وایە ئیدارەی شارەکە و هێز و گروپە چەکدارەکانی کەرکوک بەبەرنامە و بەمەبەست ئەو کارانە دژ بە ڕۆژنامەنووسان بەدیاریکراویش دژ بەڕۆژنامەنووسانی کورد دەکەن و کەشێکی هێندە ترسناکیان دروستکردووە کە ڕۆژنامەنووسان ناتوانن کاری ئاسایی خۆیان ئەنجام بدەن، لەوبارەوە چەندین جۆری پێشیلکاری لەهەڕەشە و سوکایەتی و ڕێگریکردن لەکارەکانیان و ئازاردانی ڕۆژنامەنووسان لە لای لیژنەی داکۆکی تۆمار کراون. بۆیە ئێمە لە لیژنەی داکۆکی لە سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان، داوا لە سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی عیراق دەکەین بەئەرکی پیشەییانەی خۆیان هەستن و داکۆکی لە ڕۆژنامەنووسانی شاری کەرکوک بکەن، هەروەها داوا لە لایەنە بەرپرسەکانی شاری کەرکوک دەکەین ئەو پێشێلکارییانە ڕابگرن، لەهەمان کات داوا لەحکومەتی هەرێمی کوردستان و هەموولایەنە پەیوەندیدارەکانی دیکەش دەکەین کە لەخەمی ڕۆژنامەنووسانی پارێزگای کەرکووک بن و نەهێڵن چیتر ڕۆژنامەنووسان و ئازادی ڕۆژنامەگەری لەو شارە پێشێل بکرێت.

**لیژنەی داکۆکی لە ئازادی ڕۆژنامەنوسی و مافی ڕۆژنامەنوسان هەولێر**

2019-12-8

**ڕوونکردنەوەی یەکەم**

**ڕوونکردنەوەیەک لە لیژنەی داکۆکی لە ئازادی ڕۆژنامەنووسی و مافی ڕۆژنامەنووسان**

بە بۆنەی گیان لەدەست دانی هەردوو ڕۆژنامەنوس ئامانج بابان و لانە خان و کۆرپەکەیان

هاولاتیانی خۆشەویست، ڕۆژنامەنووسان لە دوای ئەو ڕووداوە دڵتەزێنەی ڕۆژنامەنووس ئامانج بابان و خێزانەکەی، چەند هەواڵێکی جۆراوجۆر بلاوکراوەتەوە ،بەلام بە پێی زانیاریەکانی دەرەنجامی لیکۆلینەوەی پۆلیس و لایەنە بەرپرس و پەیوەندیدارەکان ئەوەی ئاشکرا کردوە کە ئەو کارە کارێکی کەسی و خۆکوژی بوە کە بەهۆیەوە خۆی و خێزان و منداڵەکەی گیانیان لە دەست داوە، بۆیە ئێمە لە لیژنەی داکۆکی لە سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان هاوخەمی و دلگرانی خۆمان بۆ گیان لەدەست دانی هەردوو ڕۆژنامەنووسی دیار و چالاک و کۆرپەکەیان دەردەبڕین، لەخوای گەورە داواکارین بەبەهەشتی بەرینیان شاد کات و سەبوری خانەوادە و هاوپیشەکانیان بدات و، دڵنیاتان دەکەینەوە کە ئێمە وەک لیژنەی داکۆکی بەردەوام لەسەر خەت دەبین تاکو دوادەرەنجامی کارەساتەکە بەتەوواوەتی ڕوون دەبێتەوە.

**لیژنەی داکۆکی لە ئازادی ڕۆژنامەنووسی و مافی ڕۆژنامەنوسان هەولێر**

2019-10-17

## ڕونکردنەوەیەک لەلیژنەی داکۆکی لە ئازادی ڕۆژنامەنووسی و مافی ڕۆژنامەنووسان سەبارەت بە کارنەکردن بەیاسای ژمارە 35ی ساڵی 2007ی ڕۆژنامەگەری هەرێمی کوردستان

